# وامی کەرەستەی ناو ماڵ

CSN FAKTABLAD 2012 SYDKURDISKA

## کێ بۆی هەیە وام (قەرز) بکات و بۆچیش؟

ثةنابةران و هةنديَك لة بيَطانةكاني تر دةتوانن داواي قةرزي كريني كةلوثةلي ناو مالَ بكةن كاتيَك دةطويَزنةوة ناو خانوويةك. بؤ ئةوةي تؤ بتوانيت ئةو قةرزة وةرطريت ثيَويستة تؤ لةو كةسانة بيت كة بةشي وةرطرتني ثةنابةران دةتطريَتةوة و هةروةها ئةو كاتةي كة بؤ يةكةم جار لة شارةوانييةك وةرطيرايت تةمةنت ١٨ سالَي ثركردبيَتةوة.

ئەتۆ دەشێت وامت بدرێتێ کاتێک بگوێزیتەوە نێو ماڵێک جا کەرەستەداربێت یان بێ کەرەستە، یاخود ژوورێکی کەرەستەدارت لەناو ماڵێکدا بەکرێ گرتبێت. ئەو پارەیە دەبێت بۆ کەرەستەی ئاشپەزخانە و مۆبڵ وە شتی وا بەکاربریت. نابێت پارەکە بۆ نموونە بۆ کرێخانوو یان خۆراک بەکاربهێنرێت.

## کەی دەتوانم وام بکەم؟

ئەتۆ دەبێت داوای وام بکەیت نە دووساڵ درەنگتر لەو ڕۆژەوەی کەیەکەم جار لە شارەوانییەکە وەرگیراویت. ئەمە هەروەها سەبارەت بەوەشە کە ئەگەر داوای زێدەوام(زێدەقەرز) لەسەر وامی کۆن بکەیت.

## ئەمن بۆم هەیە چەند وام بکەم؟

ئەتۆ مافی چەند وامت هەیە لەسەر ژمارەی خێزانەکەت، لەسەر کەرەستەداری یان کەرەستەنەداری ماڵەکە هەروەها لەسەر ئەوەی کەخۆت چەندت سامان هەیە وێستاوە.

| ژمارەی سەر | بێ کەرەستە (زۆرترین پارە) | کەرەستەدار / کرێنشین |
|---|---|---|
| ١ | ١٥ ٠٠٠ | ٥ ٠٠٠ |
| ٢ | ٢٠ ٠٠٠ | ٥ ٠٠٠ |
| ٣ | ٢٥ ٠٠٠ | ٥ ٠٠٠ |
| ٤ | ٣٠ ٠٠٠ | ٥ ٠٠٠ |
| ٥ | ٣٥ ٠٠٠ | ٥ ٠٠٠ |

## چۆن داوای وام بکەم؟

پەیوەندی بە بنکەی پەنابەری یان بنکەی شارەوانییەوە بگرە، ئەوان زانیاریت دەدەنێ وە یارمەتیت دەدەن داوانامەکە پڕبکەیتەوە. کارمەندەکە پاشان داوانامەکە بۆ بنکەی ناوەندی خوێندن سی ئێس ئێن دەنێرێت.

## ئایا زێدەوامم(زێدەقەرزم) بەر سەر وامی کۆنەوە پێدەدرێت؟

ئەتۆ دەتوانیت داوای زێدەوام بەسەر وامی کۆنەوە بکەیت ئەگەر

- لەوەبەر ئەندازەیەکی پارەی کەمت وام کردبێت و بتەوێت وامەکە بگەیەنیتە هەرەزۆری کە هەموو گەورەیی خێزانەکەو شێوەژیانی خانووبەکرێگرتنەکە بگرێتەوە.
- لەخانوویەکی کەرەستەدار بگوێزیتەوەبۆ خانوویەکی بێ کەرەستە.
- خێزانەکە لە سوید منداڵیان بێت.
- خزمی نزیک بگاتە لات کە بنکەی پەنابەرانی شارەوانی بیگرێتەوە. خزمی نزیک کەسانی وەک.

مێرد/ژن/هاوسەر و منداڵی خوار ٢١ساڵن ، ژنومێرد و هاوسەر وامی هاوبەشیان دەدرێتێ.

لە کاتی زێدەوامدابوون مێرد/ژن/هاوسەر ئێوە پێکەوە بەرپرسیاری دانەوەی هەموو وامەکە دەبن.

## نرخی تێچوونی (هەزینەی) وام دانەکە

نرخی تێچوون(هەزینەیەک) بە ئەندازەی ٣٠٠ کرۆن ڕاستەوخۆ لە وامەکە هەڵدەگیرێت، بۆ زێدەوام ١٠٠ کرۆنە.

## پارە دانەکە چۆن دەبێت؟

پارە قەرزکراوەکە لە ڕێگای سوێدبانک - ەوە (Swedbank) دەدرێت. پارەکە بە دوو شێوە دەگەیەندرێتە دەست:

- لە ڕێگایی کارتی پارەدانی سوێد بانکەوە، ئەو کارتە وەکو چێک وایە لە سوێدبانک بۆت دەگۆڕنەوە.
- دەخرێتە حسابکۆنتۆ. ئەو حسابکۆنتۆیە دەتوانێت لە سوێدبانک یان هەر بانکێکی کە بێت.

ئەگەر دەتەوێت پارەکە بخرێتە حسابکۆنتۆیەکەوە ئەوا دەبێت خۆت ئەوە جێبەجێ بکەیت کە ئەو کۆنتۆیە ببەسترێت بە سیستەمی پارەسەرفکردنی سوێدبانکەوە (SUS).

ئەگەر ئەو بەستنەوەیە لەکاتی پارەدانەکەدا جێبەجێ نەکرابێت یاخود سێ ئێس ئێن (CSN) ژمارەی کەسی (Personnummer) پارەوەرگرەکەی بەتەواوی لانەبێت، ئەوا پارەکە لە ڕێگایی کارتی سویدبانکەوە دەنێردرێت.

## کەی دەبێت وامەکە بدرێتەوە؟

دانەوەی پارەکە دەکەوێطە ئەو مانگەوە کە یەکسەر پاش دوو ساڵ دوای پارەدانەکە دێت.

مێرد/ژن/هاوسەر کە هاوبەش پێکەوە وامەکە وەردەگرن هەروەها پێکیشەوە بەرپرسیاری دانەوەی هەموو وامەکە دەبن.

دەمی دانەوەی وام (amorteringstid) ١ ساڵ تا ١٥ ساڵە لەسەر ئەوە کەوتووە کە وامەکە چەندە.

| | سەرجەمی پارەی وام | دەمی دانەوەی وام |
|---|---|---|
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ١٠٪ | ١ ساڵ |
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ٤٠٪ | ٣ ساڵ |
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ٨٠٪ | ٥ ساڵ |
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ١٠٠٪ | ٧ ساڵ |
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ١١٠٪ | ٨ ساڵ |
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ١٢٠٪ | ١٠ ساڵ |
| > | تێکڕای بنکەپارەکە ١٢٠٪ | ١٥ ساڵ |

(بنکەپارەکە بۆ ساڵی ٢٠١٢ ٤٤ ٠٠٠ کرۆنە)

## لەسەر وامەکە چۆن سوود **RÄNTA** حساب دەکرێت؟

سوودەکە ساڵانە لە لایەن حکومەتەوە دادەنرێت، لەو ڕۆژەوە حسابە یەکەم وامەکەی تێدا دراوە. سوودی پێکەوە حسابکراوی ئەو دوو ساڵە کە سوودی لەسەر نەبووە ئەو ڕۆژە دەخرێتە سەر وامەکە کە ئەتو ناچار دەبیت وامەکە بدەیتەوە، لەوە بەدواوە ئەو ڕێژەسوودەی کەدەبێت بخرێتەسەر هەموو ئەندازەو وامەکەی ئەو کاتە.

سوودی سەر وامی ساڵی ٢٠١٢ بریتییە ٣،٦٥ ٪ (لەسەدایە).

## وامەکە چۆن دەدەیتەوە؟

وامەکە ئاسایی مانگانە دەدرێتەوە. هەر وەرزی ساڵێک ئەتۆ پێکەوە سێ وەسڵی پارەدانت پێدەگات(هەر دانەو بۆ یەک مانگ). ئێستا حەقدەستییەکی وەسڵی پارەناردن کە ٣٠ کرۆنە لە ساڵێکدا چوارجار دەسەندرێت. ئەگەر پارەکە لە ڕۆژی کەوتنیدا نەگاتە دەست سێ ئێس ئێن لە مانگەکەی دوای ئەودا وەبیر هێنانەوەیەکت بۆ دەنێرێت، حەقدەستی ئەو وە بیر هێنانەوەیە ئێستاکانێ ٥٠ کرۆنە.

لەکاتی پارەداندا بەر لە هەر شتێک خەرجی نەدراوی لێدەدرێت، پاشان سوود ئەوجا وامەکە.

### پارەدانەوەی دڵخوازانە

ئەتۆ دەتوانیت پارەدانەوەی دڵخوازانە بدەیت تا زووتر لەدەست وامەکە ڕزگارت بێت. پارەدانەکە دەخرێتە سەر حسابکۆنتۆی بانکی بە ژمارەی ٥٢٠١-١٠٥٣ یان ژمارەی پۆستگیرۆ ٣-٤٧٦٥١٠١، ژمارەی وام، ژمارەی کەسیت، ناو و ناونیشانی خۆت لەسەر وەسڵی پارەدانەکە بنووسە. ئەگەر لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە پارەکە دەدەیت ژمارەی ئۆسیئار(OCR nummer) بەکار ببەیت کە لە سی ئێس ئێن (CSN) وەریدەگریت.

CSN 4001N/1112

## ئەگەر ئەمن نەتوانم وامەکە بدەمەوە؟

ئەگەر ئەتۆ نەتوانیت لەبەر کەمدەرامەتی وامەکە بدەیتەوە ئەوا دەتوانیت داوای هەڵپەساردن (anstånd) (ڕاگرتن uppehåll) یاخود کەمتر قیستدانەوە بکەیت. ئە گەڵ قەبزەکانی یەکەمدا دەنێردرێن.

لة كاتي ليَكۆلَينةوة لةسةر داواي كةمكردنةوةي قةرزةكة و يان مۆلَةتي دواخستني دانةوةي قةرزةكة CSN رةضاوي طةورة و بضووكي خيَزانةكةت و كۆي هةموو ئةو داهاتي سالاَنةت دةكات كة باج دةيانطريَتةوة.

سوودەکە تا ئەو کاتەی کە وامەکە دەدرێتەوە هەر لەسەر پارەکە دەبێت، باکەمتر قیستدانەوە یان ڕاگرتنیشت بۆ پەسەندکرابێت. ئەگەر تەواوی پارەکەت بۆ ڕاگیرابێت بێگومان وامەکە لەسەرت کەڵەکە دەبێت.

ئەگەر لەدەرەوەی وولات دەژیت ئەوا یاساگەلێکی دیکە بۆ ڕاگرتنی وامەکە بڕەوی هەیە. سی ئێس ئێن دەتوانێت زانیاری زێدەتر بدات.

مۆڵەتی کەمکردنەوەی قیستەکە یان ڕاگرتنی تەواو هەرجارەو تەنیا بۆ یەک ساڵ پەسەند دەکرێت.

## ئایا دەتوانرێت وامەکە ببەخشرێت؟

CSN دةتوانيَت لة دانةوةي قةرزةكة خۆش بيَت ئةطةر واي هةلَسةنطاند كة ئةو كةسة لة ئاشةرۆذي دووريشدا تواناي ئةوةي نةبيَت كة ئةو قةرزة بطةريَنيَتــةوة.

لة كاتي مردني كةسي قةرزاردا بةً ئۆتوماتيكــي دةست لة قةرزةكة هةلَدةطيريَت و وازي ليَدةهيَنريَت.

## ماڵپەڕ WEBBPLATS

لە ماڵپەڕەکەماندا زانیاری سەبارەت بە وامی کەرەستەی ناوماڵ هەیە www.csn.se.

## ئەدرێس گۆڕین ADRESSÄNDRING

ئەگەر تۆ لە ناو سویددا بگوێزیتەوە ئەوا لە بەشە تۆمارگای گەلی Folkbokföringen دە بێت ئەدرێسی خۆت بگۆڕیت، ئەوەش باشە کە هەروەها بیشی دەیت بە سی ئێس ئێن.

ئەرێسی تازەی دەرەوەی وولات دەبێت ڕاستەوخۆ بە سی ئێس ئێن بدەیت.

## زانیاری زێدەتر

زانیاری زێدەتر لەلای سی ئێس ئێن دەست دەکەوێت (CSN)

Hemutrustningslån
SUNDSVALL 82 851
Telefon: 0771-276 100
Telefontid: 9.00–12.00
Telefax: 060-18 60 06
پۆستی ئەلەکترۆنیکی: hemutrustningslan@csn.se
ماڵپەڕ: www.csn.se

**ئەم نامیلکەیە بە زمانگەلی ئەلبانی، ئەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، کرمانجی ژووروو، فارسی، ڕۆمانی (ڕۆمیی)، ڕۆمانیایی، ڕووسی، بۆسنی/کرواتی/سێربۆ، سۆماڵی، ئیسپانی، کرمانجی خواروو، تیگرینا، تورکی، ڤێتنامی، بادینانی هەیە. سێمانتیکس بەرپرسی وەرگێرانەکانە.**